# مصر في عهد الإسكندر الأكبر: ٣٣٢-٣٣١ ق.م

ديارى محمد سعيد[١]
diyari.131123033@uor.edu.krd
د.حلمى رسول رضا[٢]
hilmi.rasool@uor.edu.krd
قسم التأريخ، كليّة العلوم الإنسانية، جامعة (رابرين)، رانية، إقليم كردستان العراق.

**الكلمات المفتاحية**: الإسكندر الأكبر، مصر، الشرعية السياسية، الإسكندرية، سيوة، النظام الإداري.

**كيفية اقتباس البحث**
سعيد , ديارى محمد , حلمى رسول رضا, مصر في عهد الإسكندر الأكبر: ٣٣٢-٣٣١ ق.م,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، حزيران ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٦ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered** مسجلة في **ROAD**

**Indexed** مفهرسة في **IASJ**

# Egypt in the Era of Alexander the Great: 332–331 BC

**dyary mahmad saeyd**

diyari.131123033@uor.edu.krd

**Dr.halmi resol reza**

hilmi.rasool@uor.edu.krd

Department of History, College of Humanities, University of Raparin, Ranya, Kurdistan Region, Iraq.

**Keywords** : Alexander the Great, Egypt, Political Legitimacy, Alexandria, Siwa, Administrative System.

**How To Cite This Article**
Saeyd , dyary mahmad , halmi resol reza , Egypt in the Era of Alexander the Great: 332–331 BC ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, june 2026,Volume:16,Issue 6.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract

Alexander the Great's conquest of Egypt in 332 BC was not merely a military shift but a pivotal civilizational turning point in the history of the ancient Near East. This study, titled "Egypt in the Era of Alexander the Great: 332–331 BC," attempts a strategic reading of the approaches Alexander employed to transform Egypt from a rebellious Achaemenid satrapy into a global Hellenistic center. The research consists of a prologue, five main sections, and a conclusion. The prologue highlights

the political and psychological state of Egypt prior to Alexander's arrival, focusing on the historical resentment against Persian oppression. The first section analyzes the mechanisms of the peaceful conquest of Egypt and how Alexander was welcomed as a "liberator." The second section delves into the administrative system and the astute division of political and economic powers, particularly the role of Cleomenes of Naucratis in preventing coups. The third section is dedicated to civil engineering and the founding of Alexandria based on the Hippodamian Plan as a geopolitical and geostrategic project to connect Egypt with the Greek world. The fourth section discusses the syncretism of religious beliefs and how Alexander secured Pharaonic legitimacy through his visit to Siwa and the assumption of the title "Son of Amun." Finally, the fifth section focuses on science, reconstruction, and the infrastructural changes that paved the way for the Ptolemaic Golden Age. The paper consists of a gateway, five main themes, conclusions and a list of resources. The gateway to the study focuses on the political and psychological situation in Egypt under the shadow of the last days of Achaemenid rule. The first theme deals with the strategy of peaceful occupation. The second theme is devoted to the analysis of the administrative system (political, economic, legal). The third theme deals with geographical engineering and the founding of Alexandria. The fourth theme addresses the hybridization of religious beliefs and their use as legitimation tools. Finally, the fifth theme highlights the aspect of science, reconstruction and infrastructural changes.

**الملخص**: لم يكن غزو الإسكندر الأكبر لمصر عام ٣٣٢ ق.م مجرد تغيير عسكري، بل شكل نقطة تحول حضارية جذرية في تاريخ الشرق القديم. تحاول هذه الدراسة، المعنونة "مصر في عهد الإسكندر الأكبر: ٣٣٢–٣٣١ ق.م"، تقديم قراءة استراتيجية للسياسات التي اتبعها

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

الإسكندر لتحويل مصر من ولاية (ساترابية) أخمينية متمردة إلى مركز هيللنستي عالمي. يتكون البحث من مدخل وخمسة محاور رئيسة وخاتمة. يسلط المدخل الضوء على الوضع السياسي والنفسي لمصر قبل قدوم الإسكندر، مع التركيز على العداء التاريخي ضد القمع الفارسي. يحلل المحور الأول آليات الغزو السلمي لمصر وكيفية استقبال الإسكندر بوصفه "محرراً". ويتناول المحور الثاني النظام الإداري والتقسيم الذكي للسلطات السياسية والاقتصادية، لا سيما دور "كليومينيس النوقراطي" في منع الانقلابات. خُصص المحور الثالث للهندسة المدنية وتأسيس مدينة الإسكندرية وفق "المخطط الهيبودامي" كمشروع جيوسياسي وجيوستراتيجي لربط مصر بالعالم اليوناني. ويناقش المحور الرابع التوفيق بين المعتقدات الدينية وكيفية اكتساب الإسكندر للشرعية الفرعونية عبر زيارة سيوة وحصوله على لقب "ابن آمون". وأخيراً، يركز المحور الخامس على العلم والعمران والتغييرات في البنية التحتية التي مهدت الطريق للعصر الذهبي للبطالمة. تتألف هذه الورقة من مدخل، وخمسة محاور رئيسية، وخاتمة، وقائمة بالمصادر. يركز مدخل الدراسة على الوضع السياسي والنفسي في مصر في ظل الأيام الأخيرة من الحكم الأخميني. يتناول المحور الأول استراتيجية الاحتلال السلمي. أما المحور الثاني فيُعنى بتحليل النظام الإداري (السياسي والاقتصادي والقانوني). ويتناول المحور الثالث الهندسة الجغرافية وتأسيس الإسكندرية. ويتطرق المحور الرابع إلى تداخل المعتقدات الدينية واستخدامها كأدوات لإضفاء الشرعية. وأخيرًا، يُسلط المحور الخامس الضوء على جانب العلم وإعادة الإعمار والتغييرات في البنية التحتية.

## میسر لەسەردەمی ئەسکەندەری مەکدۆنی (٣٣٢-٣٣١ پ.ز.)

دیاری محمد سعيد[١]
diyari.131123033@uor.edu.krd
پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر حلمی رسول رضا[٢]
hilmi.rasool@uor.edu.krd
[١+٢] بەشی مێژوو، کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکان،زانکۆی ڕاپەڕین،ڕانیە،هەرێمی کوردستان،عیراق.

**پوختە:**لەشکرکێشی ئەسکەندەری مەکدۆنی بۆ میسر لە ساڵی ٣٣٢ پ.ز، تەنها گۆڕانکارییەکی سەربازی نەبوو، بەڵکو خاڵی وەرچەرخانێکی شارستانی ڕیشەیی بوو لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی دێریندا. ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (میسر لە سەردەمی ئەسکەندەری مەکدۆنی: ٣٣٢-٣٣١

پ.ز)، هەوڵدەدات خوێندنەوەیەکی ستراتیژی بکات کە ئەسکەندەر پەیڕەوی کرد بۆ گۆڕینی میسر لە ساتراپێکی یاخیبووی ئەخمینییەوە بۆ ناوەندێکی جیهانیی هیللنستی. توێژینەوەکە لە دەروازەیەک و پێنج تەوەری سەرەکی و دەرئەنجام پێکهاتووە. دەروازەکە تیشک دەخاتە سەر دۆخی سیاسی و دەروونیی میسر پێش هاتنی ئەسکەندەر و ئەو رقە مێژووییەی کە دژی ستەمی فارسی هەبوو. لە تەوەری یەکەمدا، میکانیزمەکانی داگیرکردنی ئاشتیانەی میسر شیکراونەتەوە، کە چۆن وەک "ڕزگارکەر" پێشوازی لێکرا. تەوەری دووەم ورد دەبێتەوە لە سیستمی کارگێڕی و دابەشکردنی زیرەکانەی دەسەڵاتە سیاسی و ئابوورییەکان بە تایبەت ڕۆڵی (کلیۆمێنیسی ناوکراتیسی Cleomenes of Naucratis) بۆ ڕێگریکردن لە کودەتا. تەوەری سێیەم تایبەتە بە ئەندازیاریی شارستانی و دامەزراندنی شاری ئەسکەندەریە بە (پلانی هیپۆدامی[١] Hippodamian Plan) وەک پرۆژەیەکی جیۆپۆلەتیکی و جیۆستراتیژی بۆ بەستنەوەی میسر بە جیهانی یۆنانییەوە. تەوەری چوارەم باس لە تێکەڵکردنی بیروباوەڕە ئایینییەکان دەکات و چۆن ئەسکەندەر لە ڕێگەی سەردانی سیوا و وەرگرتنی نازناوی "کوڕی ئاموون"، شەرعییەتی فیرعەونیی مسۆگەر کرد. کۆتا تەوەر، تەوەری پێنجەم، تیشک دەخاتە سەر زانست و ئاوەدانکردنەوە و ئەو گۆڕانکارییە ژێرخانییانەی کە زەمینەیان بۆ سەردەمی زێڕینی پەتلەمییەکان خۆش کرد.

**کلیله وشه** :ئەسکەندەری مەکدۆنی، میسر، شەرعییەتی سیاسی، ئەسکەندەریە، سیوا، سیستەمی کارگێڕی.

**پێشەکی:** لەشکرکێشیی ئەسکەندەری مەکدۆنی بۆ میسر لە پاییزی ساڵی ٣٣٢ پ.ز، تەنها وەک ئەڵقەیەک لە زنجیرەی داگیرکارییە سەربازییەکان تەماشا ناکرێت، بەڵکو وەرچەرخانێکی شارستانیی ڕیشەیی بوو کە نەخشەی جیۆپۆلەتیکی و کەلتووریی ڕۆژهەڵاتی دێرینی بە شێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕی. میسر، وەک لانکەی دێرینترین شارستانیەت، دوای نزیکەی دوو سەدە لە چەوسانەوە لەژێر رکێفی ئیمپراتۆریەتی ئەخمینییەکاندا، بە دۆخێکی هەستیاری سیاسی و دەروونیدا تێدەپەڕی. هاتنی ئەسکەندەر لەم ساتەوەختەدا، نەک وەک داگیرکەرێکی نوێ، بەڵکو وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ خواستی ڕزگاریی نیشتمانی لەلایەن میسرییەکانەوە پێشوازی لێکرا. ڕەهەندە شاراوەکانی کەسایەتیی ئەسکەندەر؛ ئەو لێرەدا تەنها وەک سەرکردەیەکی سەربازی

دەرنەکەوت، بەڵکو وەک "ئەندازیارێکی دەوڵەت" و ستراتیژیستێکی ورد مامەڵەی کرد. ئەسکەندەر بە قووڵی تێگەیشتبوو کە دەست بەسەراگرتنی دۆڵی نیل تەنها بە هێزی شمشێر و قەڵا مسۆگەر نابێت، بەڵکو پێویستی بە دارشتنەوەی شەرعییەتێکی نوێ هەیە کە لە ڕێگەی ئاوێتەکردنی ئایین، ئابووری، و کەلتوورەوە بەدەست دێت. هەڵوەشاندنەوە و شیکردنەوەی ئەو میکانیزم و سیاسەتە زیرەکانەیەی کە وایکرد "داگیرکەرێکی مەکدۆنی" بگۆڕێت بۆ "فیرعەونێکی شەرعی"، و چۆن دامەزراندنی شاری ئەسکەندەریە بووە هۆی ئەوەی میسر لە وڵاتێکی داخراوی کشتوکاڵییەوە ببێتە مێترۆپۆلیسێکی جیهانی و خاڵی بەیەکگەیشتنی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا.

**ئامانج وگرنگی توێژینەوەکە:** ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە شیکردنەوەی ئەو سیاسەتە زیرەکانەیە کە ئەسکەندەر پەیڕەوی کرد بۆ بەدەستهێنانی شەرعییەتی فیرعەونی و چەسپاندنی دەسەڵاتەکەی بەبێ بەکارهێنانی زەبری هێز. هەروەها هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵی ئەسکەندەریە وەک ناوەندێکی شارستانیی نوێ.گرنگیی ئەم بابەتە لەوەدایە کە ئەزموونی ئەسکەندەر لە میسر بووە نموونەیەکی بێوێنە بۆ دەسەڵاتدارێتی هیللنستی؛ ئەو بناغەی سیستەمێکی دانا (تێکەڵکردنی ئایین و سیاسەت) کە بۆ سێ سەدە لەلایەن پەتڵەمییەکانەوە پەیڕەو کرا و کاریگەرییەکەی تا سەردەمی ڕۆمانیش درێژەی کێشا.

**میتۆدی توێژینەوە:** توێژینەوەکە پشتی بەستووە بە چەند میتۆدیک، لەوانە (میتۆدی مێژوویی-شیکاری)لە لێکۆڵینەوەی مانەوەی ئەسکەندەر لە میسر بۆ ماوەی ساڵێک (٣٣٢-٣٣١پ-ز) لەگەل گەنگی دان بە ڕەهەندە سیاسی و کارگێری و ئاوەدانی وزانستییەکان. هەروەها میتۆدی ( وەسفی ) بەکارهاتووە لە خستنە رووی کاروبارەکانی تەیبەت بە میسر، دامەزراندنی شاری ئەسکەندەرییە ورۆڵی ئەسکەندەر لە ڕێکخستنی دەسەڵاتی ناوخۆیی وپەیوەندی لەگەڵ دامەزراوەی ئاینی میسری.

جگە لەو دوو میتۆدە توێژینەوەکە پشتی بەستووە بە ڕێبازی ( ئیستقرای مێژوویی= الاستقراء التاريخي) بۆ دەرئەنجامی ئاماژە و ماناکانی مانەوەی ئەسکەندەر لە میسر و بەستنەوەیان بەو گۆرانکاریە بنیادیانەی کە سەرەتایەک بوو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی پەتڵەمی لە دواتردا.

**بەربەستەکانی بەردەم توێژینەوەکە** :لە کاتی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا ڕووبەڕووی چەند بەربەستێکی بابەتی بووینەوە، دیارترینیان کەمیی سەرچاوە سەرەتاییەکانی هاوسەردەمی ئەسکەندەر بوو، وەک یاداشتنامەکانی(پەتلیمۆس Ptolemy) و( ئەرستۆبۆلۆس Aristobulus)کە بەداخەوە فەوتاون. ئەمەش وایکرد پشت بە سەرچاوە دووەمییەکان (وەک ئاریان و پلوتارخ) ببەستین کە چەند سەدەیەک دوای ڕووداوەکان نووسراون و هەندێک جار لایەنگرییان پێوە دیارە، جگە لە بوونی جیاوازی و دژایەتی لە گێڕانەوەکاندا، بەتایبەت دەربارەی پرسی سەردانی سیوا و دامەزراندنی ئەسکەندەریە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە** :توێژینەوەکە لە دەروازەیەک و پێنج تەوەری سەرەکی و دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە. دەروازەی توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر دۆخی سیاسی و دەروونیی میسر لەژێر سایەی دوا ڕۆژەکانی دەسەڵاتی ئەخمینی. لە تەوەری یەکەمدا باس لە ستراتیژیی داگیرکردنی ئاشتیانە کراوە. تەوەری دووەم تەرخانکراوە بۆ شیکردنەوەی سیستەمی کارگێڕی (سیاسی، ئابووری، یاسایی). تەوەری سێیەم تایبەتە بە ئەندازیاریی جوگرافی و دامەزراندنی شاری ئەسکەندەریە. تەوەری چوارەم باس لە تێکەڵکردنی بیروباوەڕە ئایینییەکان و بەکارهێنانیان وەک ئامرازی شەرعییەت دەکات. لە کۆتاییدا، تەوەری پێنجەم تیشک دەخاتە سەر لایەنی زانست و ئاوەدانکردنەوە و گۆڕانکارییە ژێرخانییەکان.

### دەروازە: دۆخی میسر پێش هاتنی ئەسکەندەری مەکدۆنی

لەپێناو تێگەیشتنی دروست لە سروشتی پرۆسەی "داگیرکارییە ئاشتیانەکەی" ئەسکەندەری مەکدۆنی لە میسر، ناکرێت هەر بە تەنها لایەنی سەربازی بە بنەما وەربگرین، چونکە لەم ڕەوشەدا دەتوانین پرکێشی ئەو تەلارسازییە کەلتووری، سیاسی، ئابووری، کارگێڕی و هونەرییە بکەین کە لە سەردەمی ئەسکەندەر و پاش ئەودا، لە میسر بنیاد نرا. بۆیەگرنگە لە ڕەوشی زەینی و دەروونیی میسرییەکان لە سایەی دەسەڵاتیی ئەخمینییەکاندا تێبگەین، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی جۆرە شانازییەکیان بە کەلتووری دێرینی خۆیانەوە هەبووە و ئاسان نەبووە وەک دەسەڵاتێکی خۆماڵیی بۆ ئەخمینییەکان بنۆڕن، کەواتە پێویستە خوێندنەوەیەکی "ستراتیژی و سایکۆلۆژی" بۆ دۆخی میسر لەژێر سایەی "دووەم داگیرکاریی فارسی"دا بکرێت. ئەگەر میسرییەکان لەڕووی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

دەروونییەوە بە ئەخمینییەکان نارازیبون وەکوو داگیرکەر وێنایان کردبن، لەو سەرەوە ئەو ئەنجامە بەدەست دێت، کە زەمینەساز بووە تاکوو ئەسکەندەر وەکوو ڕزگارکەر، نەک وەکوو داگیرکەر پێشوازی لێ بکرێت. ئەم قۆناغە کورتە (١١ ساڵ)، واتە دوا ساتەکانی هەژموونی ئەخمینییەکان لە میسردا، زەمینەسازییەکی تەواوی بۆ گۆڕانکاریی دەسەڵات کردبوو.

جیاواز لە ساتراپەکانی تری ئیمپراتۆریەتی ئەخمینی، میسر خاوەنی تایبەتمەندییەکی جوگرافی و سیاسیی ئاڵۆز بوو. بەپێی شیکردنەوەی توێژەری ئەکادیمی (Jon L. Berquist)، فارسەکان بە چاوی "ناوچەیەکی سنووریی جووڵاو "سەیری میسریان دەکرد، نەک وەک بەشێکی ئاسایی لە ئیمپراتۆریەتەکە؛ ئەمەش بەو واتایە دێت میسر وێڕای ئەوەی پەیکەربەندییەکی کارگێڕیی دوورەدەست بوو، هەروەتر خۆی لە خۆیدا ناوەندی چڕبوونەوەیەکی کەلتووری/ئایینی خۆسەریش بوو کە هێندەی کەلتووری ئەخمینییەکان دەوڵەمەند و بە پرشت بوو، بە جۆرێک تەنانەت (داریوشی یەکەم Darius I)(٥٢٢-٤٨٦پ-ز) ناچاربوو لەپێناو ڕەوایەتیدان بە دەسەڵاتی ئەخمینییەکاندا، ڕێز لە دەستبژێرە ئایینییەکان و پەرستگاکانی میسر بگرێت، هەروەتر ئەگەر کەمێکی تر لەم شیکارییە ووردبینەوە، ئەو ئەنجامە بەدەست دەهێنین کە میسر بەم تایبەتمەندییەوە و هەروەها بەوەشەوە کە ئەخمینییەکان ناچار بوون دووجار داگیری بکەن، پارووییەکی ئاسان نەبووە بۆ فارسەکان و هەمیشە بەریەککەوتن گریمانەیەکی بەهێز بووە. ئەم بابەتەش هۆکارە تاکو ئەخمینییەکان بەناچاری لە بری پیادەکردنی تێکەڵبونی خۆویستانە، کە بوار بۆ ئاوێتەبوونێکی نەرمی کەلتووری/سیاسی کۆمەڵایەتیی دەکاتەوە، پەنا ببەنە بەر تێکەڵبونی زۆرەملێیانە و بە هێزی ڕەق هەوڵی ڕامکردنی کۆمەڵگای میسریی بدەن؛ سیاسەتیان لە میسر لەسەر بنەمای " دەست بەسەرگرتنی سەربازی توند " بوو نەک تێکەڵبونی کەلتووری (1995:3)لەبەر تیرۆژی ڕۆشنایی ئەم پرسەدا، دەتوانین بڵێین ئەم هۆکارەی سەرەوە زەمینەساز بوو تاکوو ساتراپەکانی کۆتایی یان کاربەدەستانی قۆناغی دووەمی داگیرکردنی میسر، کە نوێنەرایەتیی دەسەڵاتداری ئەخمینییەکانیان دەکرد، پەیڕەوی "سیاسەتێکی وشک" بکەن و پتر ڕێوشوێنی سەقامگیری و سەربازیی بگرنە بەر و وەک فەرمانڕەوایەکی سەربازی مامەڵە بکەن (پیرنیا، ١٣٧٥: ١١٢٠). هاوتەریب لەگەڵ ئەم سیاسەتە سەربازیە، سیاسەتی ئابووریی ئەخمینییەکانیش پتر ڕەوتاندنەوە و ڕنینەوەی سامانی میسرییەکان بوو، بە جۆرێک باری

ئابووريی میسری قورس کردبوو؛ فارسەکان میسرییان وەک "سەرچاوەی داهات" دەبینی و باجی قورسیان سەپاندبوو، کە ئەمەش جوتیاری میسری گەیاندبووە لێواری هەژاری و بێزاری (نصحي، ١٩٦٠: ٤٥). دیارە کاردانەوەی سەربازیی و ئابووریی ئەخمینییەکان بەتایبەت لە داگیرکاریی دووەمدا لە میسر، نیشانەکانی هەرەسی دەسەڵات و شارستانییەتی ئەخمینییەکانی تێدا بەدی دەکرا، چونکە میسر سەرزەمینێک نەبوو تەنها بە سیاسەتی ڕەق و ڕووتاندنەوەی ئابووریی دەستی بەسەردابگرێت(Toynbee,2947:68)، هەر ئەم سیاسەتەی ئەخمینییەکانیش سەر دەکێشێت بۆ هەڵکشانی بێزاریی میسرییەکان و زەمینە دەسازێنێت تاکوو دەسەڵاتیی ئەخمینییەکان لەو ناوچەیەدا ئاسانتر دابڕووخێت.

گرنگترین فاکتەر کە زەمینەی بۆ ئەسکەندەر خۆش کرد، فاکتەری ئایینی بوو؛ بەوەی شارستانییەتی میسرییەکان سیمبول و سرووده ئایینییەکانیان بەسەردا زاڵ بوو، تارادەی ئەوەی لە زەینی کۆمەڵایەتیاندا جێگیر بوو دیارە میسر سەرزەمینێکی پیرۆزی ئەفسانەیی/ئایینی بوو هەست بەوە دەکرا دانیشتوانەکەی لەخۆئامادەکردندان بۆ جیهانەکەی تر؛ جیهانی ژێرزەمین. ئەمەش زەمینەسازە بۆ ئەوەی لەپێش داگیرکردنی خاکەکەیان، دڵ و دەروونیان داگیر بکەیت؛ ئەمە ئەو بابەتە گرنگە بوو کە وا دیارە ئەخمینییەکان پشت گوێیان خست. توێژینەوە نوێیە شوێنەوارییەکان، لەنمونەی (Henry Colburn) ئەم بابەتە پشتڕاست دەکەنەوە، چونکە وا پێدەچێت ئەخمینییەکان هەر لە ڕووی تەلارسازیی و ئاوەدانییەوە هەنگاویان نابێت و خەمیان بووبێت کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگای میسری ببن، بۆیە ئەم هەنگاوە بە تەنها بەس نەبوو بۆ داگیر کردنی دەرونیان، چونکە ئەوان لە "زیهنییەتی گشتی"دا وێنەیان شێوابوو (2020: 4) ،هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی (ئەردەشێری سێیەم Artaxerxes III ٣٣٨-٣٥٨ پ.ز). لەم سەروبەندەدا ئەخمینییەکان پیرۆزی ئەفسانە ورەمزە ئاینییەکانی میسرییەکانیان ژێر پێ خست، واتە گشت ئەو سرووده بەبەهایانەی وا لەناخی میسرییەکاندا دەرون وزەینی کۆمەڵایەتییانی ڕەنگڕێژ دەکرد وجیهانبینیانی دەستنیشان دەکرد، لەلایەن ئەخمینییەکانەوە سووکایەتی پێ دەکرا، بۆ نموونە کوشتنی گا پیرۆزەکەی (ئاپیس[٢] Apis) وتاڵانکردنی پەرستگەکان کە ئەمە لە لای میسرییەکان وەکوو شکاندنی قەدەغەکراوەکان وبگرە کوفر وتاوانێکی نەبەخشراو سەیر دەکرا (العبادي، ١٩٩٩: ٥٧). ئەم پێشێلکارییە بەس بوو بۆ ئەوەی نەک هەر درزێکی گەورە



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بکەوێتە نێوان ئەخمینییەکان و دەستەبژێری ئایینی میسرەوە، بەڵکو کاهینەکان فارسەکانیان وەک هێزێکی 'پیس' وێنا دەکرد، جا بۆیە کاتێک ئەسکەندەر هات، وەک 'پاککەرەوە' پێشوازی لێکرا" (زرین‌کوب، ١٣٧٩: ٢٤٥).

دیارە پرۆسە داگیرکارییەکەی ئەسکەندەر دروستکردنی ئاژاوەو هەڵتەکاندنی پەیکەربەندییە کارگێڕییە خۆجێیەکان ولەریشەدەرهێنانی باوەڕە ئایینی و ئەفسانەییەکان نەبوو، بەڵکوو پڕکردن بوو بە تەختی "ڕەوایەتی"ی حوکمڕانییدا؛ واتە ئەسکەندەر هەرەمی فەرمانڕەوایتیکردنی لە ڕۆژهەڵاتدا دانەڕووخاند، بەڵکوو بە ئاگاییەکی جێ ستایشەوە چاوی لە سەری هەرەمەکە بوو، هەم تەختی شاهەنشاهیی ئەخمینی داگیر بکات و هەم وەک فیرعەونێک خۆی بنوێنێت؛ جا ئەگەر لەم پێناوەدا بتوانێت ڕەفتارێکی شایستە لەگەڵ چینەکانی سەرەوە و دەستەبژێری ئایینی و سەربازیی ناوچەکدا پەیرەو بکات، ئەوا ئاسانتر هەرەمی فەرمارەوایەتیکردن بەدەست دەهێنێت و ڕەوایەتیی بۆ ئەم بەدەستهێنانەیش دەستبەر دەکات. هەرچەندە کە ئەسکەندەر لەڕێگەی بۆ نموونە پرۆژەی هاوسەرگرییەوە، ویستی سەرکردە مەکدۆنییەکان و چینەکانی سەرەوەی کۆمەڵگای ئەخمینی ئاوێتە بکات، لەمە ژیرانە تر ئەوە بوو وەکوو داگیرکارێکی نەویستراو دەرنەکەوێت، بۆیە (Briant, P.) لە شیکردنەوەیەکیدا بۆ سروشتی دەسەڵات، ئاماژەی بەوە داوە ئەسکەندەر خۆی وەک "کۆتا پاشای ئەخمینی "وێنا دەکرد؛ واتە نەیدەویست سیستەمەکە تێک بدات، بەڵکو دەیویست بچێتە سەرەوەی هەرەمەکە (2002: 876) ئەمە لەلایەن (Degen, J. and Rollinger, R.)یشەوە پشتڕاست دەکرێتەوە، کە پێیان وایە ساڵی ٣٣٠ پ.ز خاڵی کۆتایی نەبوو؛ بەڵکو ئەسکەندەر پچڕان و ئاژاوەو پشێوی دروست نەکرد، دەسەڵات گواسترایەوە لە دەستی دەستەبژێرێکی فارسییەوە بۆ دەستی نوخبەیەکی مەکدۆنی (2021: 5)ئەم دیدگایە هاوتەریبە لەگەڵ باوەڕە جەماوەرییەکان، بەتایبەت ئەو چیرۆکە فۆلکلۆرییەی کە بە 'خەونی نەکتەتیبۆ 'ناسراوە. بەپێی ئەم گێڕانەوەیە (کە لە ڕۆمانی ئەسکەندەردا هاتووە)، کۆتا فیرعەونی میسر (نەکتەتیبۆی دووەم Nectanebo II) دوای شکستەکەی هەڵدێت بۆ مەکدۆنیا و لەوێ لە شێوەی خوداوەند (ئاموون Amun)دا پەیوەندی لەگەڵ شاژن (ئۆلیمپیاس Olympias) دەبەستێت. میسرییەکان بڕوایان وابوو کە ئەسکەندەر کوڕی شەرعیی ئەو فیرعەونە هەڵاتووەیە و گەڕاوەتەوە بۆ ئەوەی تۆڵەی باوکی لە

فارسەکان بکاتەوە و تەختی پاشایەتی وەربگرێتەوە، نەک وەک داگیرکەرێکی بیانی (حسن، ٢٠٠٠: ٧٨).

کەواتە ئەسکەندەر کاتێک گەیشتە سنوورەکانی میسر، ڕووبەڕووی نەتەوەیەک بوویەوە کە لە ڕووی سیاسییەوە ماندوو، لە ڕووی ئابوورییەوە چەوساوە، و لە ڕووی ئایینییەوە بریندار بوو. تەنها پێویستی بەوە بوو کە ئەو "بۆشاییە" پڕ بکاتەوە کە فارسەکان دروستیان کردبوو. سەرئەنجام، ئەو شارانەی ئەو ئاوای کردن، ئەو وتێکەڵکردن وهەماهەنگییە کارگێڕیی/سەربازییانەی کە ئەو دەستی دانێ وئەوەی کە وەکوو هەڵگری گیانی فەلسەفەی عەقڵانییەتی یۆنانی هەم چۆن پادشایەکی ئەخمینی خۆی ناساند وهەم وەکوو فیرعەونێک خۆی نواند، زەمینەی بۆ سەرهەڵدانی شارستانییەتی هیللنستیی خۆش کرد.

**تەوەری یەکەم: داگیرکردنی ئاشتیانەی میسر**

وەک پێشتر وتمان پرۆسەی دەست بەسەراگرتنی میسر لەلایەن ئەسکەندەری مەکدۆنییەوە لە پاییزی ساڵی ٣٣٢ پ.ز، تەنها گۆڕانکارییەکی سەربازیی ئاسایی نەبوو، بەڵکو خاڵی وەرچەرخانێکی گەورەی جیۆپۆلەتیکی بوو لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی دێریندا. ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئەم "داگیرکارییە" بەبێ هیچ بەرگرییەکی سەربازیی بەرچاو و بە پێشوازییەکی گەرمی دانیشتووان ئەنجام درا.

یەکێک لە ستراتیژیەتە هەرە گرنگەکانی ئەسکەندەر لە ڕووی سەربازییەوە ئەوە بوو دەریای ناوەڕاست کە پێگەیەکی بازرگانی و جیۆپۆلەتیکییە دەستی بەسەردا بگرێت، ئەمەش باڵادەستی و دەرگای سەپاندنی هەژموونی بەسەر ڕۆژهەڵاتی دەریاکەدا مسۆگەر دەکرد. ئامانجی سەرەکیی ئەسکەندەر "وشککردنی دەریای ناوەڕاست" بوو لەبەردەم کەشتیگەلی فارسی؛ چونکە بەبێ دەست بەسەراگرتنی بەندەرەکانی میسر و فینیقیا، هەمیشە ئەگەری ئەوە هەبوو کە دوژمن لە پشتەوە هێرش بکاتە سەر هێڵەکانی گواستنەوە(Hogarth, 1915: 54) ،هەرچەندە هەندێک مێژوونووس وەک (Bloedow) پێیان وایە کە هێزی دەریایی فارسی دوای شەڕی ئیسوس (٣٣٣ پ.ز) توانای مانۆڕی نەمابوو، بەڵام بۆ ئەسکەندەر، مسۆگەرکردنی باڵی باشوور مەرجێکی بنەڕەتی بوو پێش ئەوەی بەرەو قوڵایی ئاسیا پێشڕەوی بکات(2004: 91) دارمانی خێرای



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٦

دەسەڵاتی ئەخمینی و خۆبەدەستەوەدانی( مازاکیسMazaces) ساترابی فارسی لە میسر، بەبێ مەرج، دەرخەری ئەوە بوو کە ئەم ستراتیژییە سەربازییە سەرکەوتوو بووە و دەرگای پایتەختە دێرینەکە (مەمفیس Memphis)ی بەڕووی ئەسکەندەردا کردەوە (السعدني، ١٩٩٩: ١٩؛ کلاوس، ٢٠٠٩: ١٧).

دیارە سەرکەوتنی ئەسکەندەر تەنها بە سەپاندنی هێز نەبوو، بەڵکو دەرەنجامی خوێندنەوەیەکی وردی دەروونی میسرییەکان بوو. بۆچی مسرییە کۆنەکان لەبەرانبەر ئەو گەلە سامی نەژادەی وا لەبەری ڕۆژهەڵاتی میسرەوە هاتن وبوون بە فەرمانڕەوای میسر، لەپەرتوکی (مانیتۆن سیمنوودی) دەستەواژەی (Hyksos هیکسۆس)[٣] یان بەکارهێناوە، ئەمەش بەمانای ئەوە دێت هەر لایەنێکی داگیر کار هاتبیت ولە میسر دەسەڵاتی گرتبێتە دەست دەستەواژەی (-Heka khasut هیگا-خاسوت) یان بۆ بەکار هێناوە کە مانای (بێگانە) دەگەیەنێت. سیاسەتی سەرکوتکەرانەی فارسەکان، بەتایبەت لە سەردەمی ئەردەشێری سێیەم گەیشتبووە لوتکەی سووکایەتی بە پیرۆزییەکان؛ وەک کوشتنی گا پیرۆزەکەی ئاپیس و تالآنکردنی پەرستگەکان (Arrian, 1976: 3.19).ئەمەش وایکردبوو زەمینەیەکی دەروونیی ئامادە هەبێت بۆ پێشوازیکردن لە هەر هێزێکی دەرەکی کە کۆتایی بەم سووکایەتیە بهێنێت. کەواتە ئەخمینییەکان لە دیدی میسرییەکانەوە هەر هیگا-خاسووت نەبوون، بەڵکوو بەڕادەیەک بێگانە وبێزراویش بووبوون کە بێزێزیان بە ڕەمز وسرووده ئایینیەکانی ئەوان دەکرد، ئەمەیش بەوە دەرئەنجامگیر دەبێت کە ئەم فارسە بێگانانە شیاوی نەفرەتن. هەروەها، بوونی پەیوەندیی پێشوەختە لەگەڵ یۆنانییەکان لە ڕێگەی بازرگانی و بەکرێگیراوانی شاری (ناوکۆراتیس Naucratis)، فاکتەرێکی یاریدەدەر بوو بۆ کەمکردنەوەی هەستی نامۆیی بەرامبەر داگیرکەرە نوێیەکە (Lloyd, 2000: 412).

**تەوەری دووەم: سیستەمی کارگێڕی (سیاسی،ئابوری،یاسایی)**

دوای ئەوەی ئەسکەندەر سەرکەوتنی سەربازیی مسۆگەر کرد، دەبوو لەپێناو جێگیرکردنی دەسەڵاتەکەیدا، هەنگاوی وردی ئەندازەیی بنێت و ژێرخانی ئابووری و کارگێڕیی بەشێوازێکی تۆکمەتر لەوەی ئەخمینییەکان دابڕێژێتەوە، ئەمەش دەبوو بە جۆرێک بێت ڕێگر بێت لەوەی

چڕبووەی دەسەڵات و کەڵەکەبوونەی سەرمایە لەدەستی یەک کەسدا بێت و زەمینە بسازێنێت تاکو میسرییەکان بە یۆنانی و مەکدۆنییەکانەوە لە یەکە کارگێڕی و ئابوورییەکان دابن. ئەم پرۆسەیە لەسەر بنەمای تێگەیشتنێکی ورد بۆ سروشتی دەوڵەمەندیی میسر و مەترسییەکانی "کەڵەکەبوونی دەسەڵات" داڕێژرابوو. جا دەبوو لەم پێناوەدا ئەزموونێکی نوێی کارگێڕیی تاقیبکاتەوە کە لەسەر دابەشکردنی دەسەڵاتەکان داڕێژرابێت.

لە بواری کارگێڕیدا، ئەسکەندەر مۆدێلێکی داهێنەرانەی خستەڕوو کە (Griffith,1964:26) لە توێژینەوەکەیدا بە "تاقیکردنەوەیەک لە حوکمڕانی" وەسفی دەکات، بە پێچەوانەی سیاسەتی باوی ئەخمینییەکان کە تێیدا دەسەڵاتی ڕەها لە دەستی یەک "ساتراپ"دا چڕ دەکرایەوە، ئەسکەندەر لە میسردا هەستا بە هەڵوەشاندنەوەی ئەم ناوەندێتییە و دەسەڵاتی دابەش کرد بەسەر سێ جەمسەری جیاوازدا دەسەڵاتی مەدەنی سپێردرا بە فەرمانڕەوا میسرییەکان (وەک پێتسیس Petisis ودۆلۆئاسپیس Dolo aspis) بۆ پاراستنی ئارامیی ناوخۆ و نیشاندانی ڕێز بۆ دانیشتووان (Arrian, 1976: 3.5). هەرچی دەسەڵاتی سەربازی بوو لەژێر کۆنترۆڵی فەرماندە مەکدۆنییەکان (وەک بالاکرۆسBalacrus و پیوکێستاس Peucestas) مایەوە، بە شێوەیەکی سەربەخۆ و ناوەندی درایە دەست کلیۆمێنیسی ناوکراتیسی (Bosworth, 1988: 230–231).

پاڵنەری پشت ئەم ستراتیژییە، وەک (Griffith) ئاماژەی پێ دەکات، زیاتر (ئاسایش و سیاسی) بوو نەک تەنها ئابووری. میسر وەک دەوڵەمەندترین ناوچە، خاوەنی سامانی بێسنوور و قەڵای سەربازیی بەهێز بوو. ئەسکەندەر تێگەیشتبوو کە ئەگەر یەک ژەنەراڵ دەسەڵاتی "پارە و سوپا"ی لەلا کۆببێتەوە، بە ئاسانی دەتوانێت سوپای بەکرێگیراو بکرێت و لە دژی پاشا یاخی بێت. بۆیە، جیاکردنەوەی کلیلی گەنجینەکان لە دەسەڵاتی سەربازی، زەمانەتی ئەوەی دەکرد کە داهاتی میسر بۆ خەزێنەی ناوەندیی ئیمپراتۆریەت دەچێت (1964: 31 ).

لە ڕووی داراییەوە ئەسکەندەر لە میسردا ئەو ڕاستییەی سەلماند کە خاوەن ئاگامەندییەکی بیرۆکراسیی/داراییی وردە ودەتوانێت وەک دەوڵەتمەدارێک لەوە تێبگات کە کرۆکی دەسەڵاتە سەربازیی وسیاسییەکەی ئەو بەستراوەتەوە بەوەوە تا چەندێک دەتوانێت بە سیستمەێکی نوێی

دارایی زیادەی بەرهەمی میسر کۆنترۆڵ بکات. هەڵبژاردنی کلیۆمێنیس، کە یۆنانییەکی دانیشتووی شاری ناوکراتیس بوو، وەک بەرپرسی باڵای دارایی، پەیامێکی ڕوون بوو کە ئەسکەندەر متمانەی تەواوی بە سیستەمە کۆنەکە نەبوو. کلیۆمێنیس وەک (چاو)ی ئەسکەندەر کاری دەکرد و بەرپرس بوو لەوەی داهاتی زیادەی میسر کۆبکاتەوە. ئەم هەنگاوە وایکرد میسر ببێتە بڕبڕەی پشتی دارایی سوپای ئەسکەندەر لە هەڵمەتەکانی داهاتووی بۆ ڕۆژهەڵات و ڕێگەی لەوە گرت تووشی قەیرانی دارایی ببێت (Griffith, 1964: 33). هەرچەندە دواتر کلیۆمێنیس بە گەندەڵی تۆمەتبار کرا و لەلایەن (پەتلیمۆسی یەکەم Ptolemy I) کوژرا لە ساڵی (٣٢٢ پ.ز)، بەڵام ئەو سیستەمە داراییەی دایمەزراندبوو، بووە بنەمایەک بۆ دەوڵەمەندیی دەوڵەتی پەتلەمی (العبادي، ١٩٩٩: ٥٨).

هاوتەریب لەگەڵ گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان، ئەسکەندەر شۆڕشێکی ئابووریی بنەڕەتیی بەرپاکرد بە ناساندنی "سیستەمی دراوی یەکگرتوو لەسەر بنەمای پێوانەی( ئەتیک[٤] Attic)ی، پێشتر ئابووریی میسر زیاتر پشتی بە سیستەمی ئاڵوگۆڕی کاڵا و داهاتی دانەوێڵە دەبەست، کە گەشە تێدا خاوە یان هەر نییە و لە بازنەیەکی داخراودا دەسووڕێتەوە، بەڵام ئەسکەندەر بە لێدانی سکەی زیوین و زێڕین، وڵاتەکەی گواستەوە بۆ قۆناغی "ئابووریی نەختینەیی" . ئەم هەنگاوە بەربەستە ئابوورییەکانی نێوان میسر و جیهانی یۆنانی ڕووخاند و وایکرد بازرگانێکی میسری بتوانێت بە ئاسانی و بە دراوێکی ناسراو مامەڵە لەگەڵ بازاڕەکانی (ئەسینا Athens) و (بابل Babylon) بکات، کە ئەمەش سەرەتای بەجیهانیکردنی بازرگانیی میسر بوو (Price, 1991: 33). هەروەها بووژاندنەوەی بازرگانیی دەریایی لە ڕێگەی بەندەرەکانی ئەسکەندەریەوە، وایکرد گەنمی میسر ببێتە کاڵای ستراتیژیی ژمارە یەک لە دەریای ناوەڕاستدا (حسن، ٢٠٠٠: ٧٨).

لە ئاستی کۆمەڵایەتی وپاساییدا، ئەسکەندەر سیستەمێکی زیرەکانەی پەیڕەو کرد کە بە "کەسێتی یاسا"ی ناسراوە. لەبری سەپاندنی یاسای یۆنانی بەسەر هەمووانیدا، ئەو ڕێگەی دا کە دادگا و نەریتە خۆجێییەکان بۆ میسرییەکان وەک خۆیان بمێننەوە، لەکاتێکدا کۆمەڵگەی یۆنانی و مەکدۆنی پابەندی یاسای هیللینی بوون. ئەم (دووانەییە) ئاشتیی کۆمەڵایەتی مسۆگەر کرد و ڕێگەی لەوە گرت کە دانیشتووانە ڕەسەنەکە هەست بە نامۆبوونی یاسایی بکەن، کە ئەمەش بنەمایەک بوو بۆ سەقامگیریی درێژخایەن(Manning, 2003: 180). لەم هەنگاوە ژیرانەیەی

ئەسکەندەردا، نەریت و کەلتووره دادوەرییە خۆجێیەکانی میسر دانیان پێدا نرا و لەم ڕێگەیەشەوە زەینیەتی کۆمەڵایەتی میسر نەک هەر دڵنیا و پشتڕاست بوو، بەڵکوو بە ئاسانی ئەم سیستەمە دادوەری/یاساییەی ئەسکەندەریشی قبووڵ کرد، یۆنانی و مەکدۆنییەکانیش لەبەرانبەر یاسای تایبەتمەند بەخۆیان بەرپرسیار بوون؛ ئەمەیش واتە ئافراندنی کۆمەڵگەیەکی هاوئاهەنگ و گونجاو کە تێیدا نەریتە جیاوازەکان نەتواونەتەوە، بەڵکوو هاوتەریب بە یەک یەکتر تەواو دەکەن و دەستبەری ئاسایش و ڕەزامەندیی کۆمەڵایەتیی دەکەن( Manning,2003:182).

**تەوەری سێیەم: دامەزراندنی ئەسکەندەریە**

بڕیاری دامەزراندنی شاری ئەسکەندەریە لە نیسانی ساڵی ٣٣١ پ.ز، تەنها هەنگاوێکی ئاوەدانیی ئاسایی نەبوو، بەڵکو وەرچەرخانێکی (جیۆ-ستراتیژی) بوو بە ئامانجی گۆڕینی ناوەندی قورسایی میسر لە شارە ناوخۆییەکانەوە وەک مەمفیس بۆ سەر دەریا، تا ببێتە پردێکی شارستانی لەنێوان میسر و جیهانی یۆنانیدا. ئەم شارە دەرەنجامی یەکگرتنی زانستی ئەندازیاری، خوێندنەوەی جوگرافی، و دیدگای سیاسی بوو.

سەبارەت بە سروشتی بڕیارەکە، گفتوگۆیەکی زانستی لەنێوان مێژوونووساندا هەیە، هەرچەندە هەندێک سەرچاوەی کۆن (وەک ئاریان و پلوتارخ) وای نیشان دەدەن کە بڕیارەکە لەسەر بنەمای "سەرنجێکی کاتی" یان نیشانەی (باڵندەکان ° Omithomancy)دراوە، بەڵام هەڵبژاردنی گوندی(ڕاکۆتیس Rhacotis)لەسەر بنەمایەکی جیۆلۆجی و ئەندازیاریی ورد بووە، ئەو ناوچەیە تاکە شوێن بوو لە کەناراوەکانی میسر کە خاوەنی دوو تایبەتمەندیی دەگمەن بوو یەکەمیان، زەوییەکەی لە بەردی قسڵ پێکهاتبوو کە توانای هەڵگرتنی بینای قورسی هەبوو و بەرزتر بوو لە ئاستی لافاوی نیل دووەمیان، دوور بوو لەو لیتەیەی کە ڕووباری نیل دەیهێنا، کە ئەمەش مەرجێکی سەرەکی بوو بۆ مانەوەی بەندەرەکە بە پاکی (Bloedow,2004:94-95).

ئەسکەندەر ئەندازیاری تایبەتی خۆی، (دینۆکراتیسDinocrates) ی ڕۆدسی، ڕاسپارد بۆ داڕشتنی نەخشەی شارەکە لەسەر بنەمای تۆڕی شەترەنجی، ئەم دیزاینە کە پشت بە هێڵی ڕاست و گۆشەی وەستاو دەبەستێت، تەنها بۆ جوانکاری نەبوو، بەڵکو پەیامێکی ئایدۆلۆژی بوو

بۆ سەپاندنی "ڕێکخستن و لۆژیکی یۆنانی" بەسەر سروشتی میسردا (Tritle, 2009: 122). هەروەها شەقامە سەرەکییەکە کە دواتر بە شەقامی ( کانۆپەس Canopus) ناسرا بە جۆرێک دیزاین کرابوو کە ڕێگە بە هاتنەژوورەوەی "بای باکوور" بدات لە دەریاوە بۆ ناو شار، کە ئەمەش لوتکەی تێکەڵکردنی ئەندازیاری بوو لەگەڵ زانستی تەندروستیی گشتی (Fraser, 1972: 7).

دیارترین دەستکەوتی ئەندازیاری لە ئەسکەندەریە، پلاندانان بوو بۆ دروستکردنی پردێکی وشکانی بە ناوی (هێپتاستادیۆن Heptastadion) (واتە حەوت ستادیۆن [٦] - نزیکەی ٢.١ کم) بۆ بەستنەوەی دوورگەی فارۆس بە وشکانی شارەکەوە. ئەم پرۆژە گەورەیە بووە هۆی دابەشبوونی دەریاکە بۆ دوو بەندەری جیاواز: (بەندەری گەورە Great Harbour) بۆ بازرگانی و کەشتیگەلی شاهانە، و (بەندەری ئیونۆستۆس Eunostos) بۆ مەبەستی تر. ئەم داهێنانە وایکرد ئەسکەندەریە ببێتە باشترین بەندەری دەریای ناوەڕاست کە لە هەموو وەرزێکدا کەشتی دەیتوانی لێی نزیک بێتەوە(Empereur, 2002: 18) .

ئامانجی ئەسکەندەر لە دروستکردنی ئەم شارە تەنها سەربازی نەبوو، بەڵکو دەیویست ناوەندێکی فرەکەلتوور دروست بکات کە تێیدا یۆنانی، مەکدۆنی، میسری، و جو پێکەوە بژین. شارەکە دابەشکرابوو بۆ گەڕەکی جیاواز (وەک گەڕەکی دێلتا بۆ جووەکان و گەڕەکی شاهانە). ئەم فرەڕەنگییە وایکرد ئەسکەندەریە ببێتە شارەگەورەیەکی (مێترۆپۆلیسێکی پێشانگایی) و پردێک بۆ گواستنەوەی کەلتوور و بازرگانی (Green, 1990: 34). هەروەها بووە ناوەندێکی سەرەکی بۆ تۆڕی پەیوەندییەکانی ئیمپراتۆریەتەکە لەنێوان ئەوروپا و ئاسیا (Borza, 1977: 295).


کەواتە ئەسکەندەریە تەنها شوێنی نیشتەجێبوون نەبوو، بەڵکو بەرجەستەبوونی دیدگای ئەسکەندەر بوو بۆ جیهانێکی نوێ کە تێیدا زانست، بازرگانی، و فرەکەلتووری لە چوارچێوەی ئەندازیارییەکی یۆنانیدا یەکدەگرنەوە. هەرچەندە دامەزراوە گەورەکانی وەک (مۆزەخانە و کتێبخانە) لە سەردەمی پەتڵەمییەکاندا تەواو کران، بەڵام نەخشە و فەلسەفەی شارەکە بەرهەمی ئەندێشەی ئەسکەندەر بوو .

## تەوەری چوارەم: تێکەڵکردنی بیروباوەڕە ئاینییەکان

ئەسکەندەر بە قووڵی تێگەیشتبوو کە بۆ فەرمانڕەوایەتیکردنی "ڕۆژهەڵات"، تەنها شەرعییەتی سەربازی وکارگێڕی بەس نییە، بەڵکو پێویستی بە سەرچاوەیەکی دەسەڵات هەیە کە لە سەرووی یاسا مرۆییەکانەوە بێت. بۆیە ستراتیژییەکەی لەسەر سێ کۆڵەکەی سەرەکی دارێشت، یەکەمیان کاری لەسەر دوو ڕەهەندی "سایکۆلۆژی" و "ئەفسانەیی" کە هەردووکیان لە پرسیاری "باوکی ڕاستەقینە"دا چڕ دەبوونەوە، کلیلی تێگەیشتن لە هاتنی ئەسکەندەر بۆ میسر لە پەرستگەی سیوا دایە، ئەوەی کێشی کرد بۆ ئەم گەشتە مەترسیدارە، تێکەڵەیەک بوو لە ململانێی ڕۆحی و حەزی لاساییکردنەوەی پاڵەوانەکان (هێراکلێس Heracles و پێرسیۆس Persues)(Bloedow,2004:96). ئەو بەدوای وەڵامێکدا دەگەڕا بۆ ئەو پرسیارەی دایکی (ئۆلیمپیاس Olmypias) لە مێشکی چاندبوو، ئایا ئەو کوڕی (فیلیپ Philip)ە یان کوڕی (زیۆس Zeus-ئاموون[٧] Amoon) وەڵامی ئەرێنیی کاهینەکان و پێشوازیکردن لێی وەک "کوڕی ئاموون"، ئەو مۆرە خودایيە بوو کە ئەسکەندەر پێویستی بوو بۆ ئەوەی ببێتە "پاڵەوانێکی نیمچە-خودا" (Trampedach 2020: 46). هەرچی شەرعییەتی زەمینی (نەکتەتیبۆ Nectanebo)بوو، هاوتەریب لەگەڵ ئەوە، لوتکەی بانگەشەی سیاسی لە بەکارهێنانی "ئەفسانەی نەکتەتیبۆدا دەرکەوت، بڵاوکردنەوەی ئەو دەنگۆیەی کە گوایە ئەسکەندەر کوڕی کۆتا فیرعەونی میسر (نەکتەتیبۆی دووەم Nectanebo II)ە، هەنگاوێکی زیرەکانە بوو بۆ ئەوەی میسرییەکان بە چاوی "میراتگرێکی شەرعی" سەیری بکەن نەک داگیرکەرێکی بیانی (Ogden, 2009: 137).

دواتر هەر تەنها بە وەرگرتنی نازناو نەوەستا، بەڵکو بە کردەیی چووە ناو نەریتە دێرینەکانەوە، ئەویش تاج لەسەرنان بوو لە شاری (مەمفیس Memphis)و بە شێوەیەکی فەرمی وەک فیرعەون تاجی لەسەر نرا و کاهینەکان نازناوی (خۆشەویستی ئاموون Mery-Amun)یان پێ بەخشی، کە وەک بەڵگەی تەواوبوونی ئەم شەرعییەتە، بۆ یەکەمجار ناوی لەناو(کارتووش[٨] Cartouche) دا بە هیرۆگلیفی هەڵکەندرا (حسن، ٢٠٠٠: ٢٨). پاشتر بە پێچەوانەی فارسەکانەوە، ئەسکەندەر قوربانی بۆ خوداوەند ئاپیس کرد و فەرمانی نۆژەنکردنەوەی پەرستگەکانی (کارناک Karnak و لوقسۆر Luxor)ی دەرکرد، لە پەرستگەی لوقسۆر،

نەخشێک هەیە کە ئەسکەندەر بە جلی فیرعەونییەوە قوربانی پێشکەش بە ئاموون دەکات؛ ئەمەش پەیامێکی بیناو بوو بۆ خەڵکەکە کە فەرمانڕەوا نوێیەکە پارێزەری ئایینە (Vasunia, 2001: 34).



ئەسکەندەری مەکدۆنی وەک فیرعەون، وەرگیراوە لە:(Wilknso.R.H.,2000:164)

لوتکەی داهێنانی ئەسکەندەر (و دواتر پەتڵەمییەکان) لە دروستکردنی "تیۆلۆژیایەکی سیاسی"ی نوێدا دەرکەوت، کە لە خوداوەندی (سێراپیس[9] Serapis) دا بەرجەستە بوو. ئەم خوداوەندە (سینکریتی Syncretic)تیپەتێکەڵەیەک بوو لە (ئۆزیریس-ئاپیس[10] Osiris-Apis ) ی میسری و (زیۆس-هادیس[11] Zeus-Hades) ی یۆنانی. داهێنانەکە تەنها پەرستن نەبوو، بەڵکو "زمانێکی سیاسی" بوو بۆ یەکخستنی ناسنامەی دانیشتووانە جیاوازەکان و دروستکردنی هەستی خاوەندارێتیی هاوبەش (Bell, 1953: 19) هەروەها، لێدانی سکە بە وێنەی ئەسکەندەر کە "قۆچی بەران"ی ئاموونی پێوەیە، پەیامێکی جیهانی بوو کە ئەو خاڵی بەیەکگەیشتنی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایە (محمود، ١٩٩٥: ١١٢). هەر بۆیە تێکەڵکردنی هێزی سەربازی بە سیاسەتی نەرمی ئایینی و شەرعییەتی ئەفسانەیی، وایکرد ئەسکەندەر بتوانێت بەبێ خوێنڕشتن میسر داگیر بکات و بناغەیەک بۆ دەسەڵاتی هیللنستی دابنێت کە بۆ سێ سەدە بەردەوام بوو.

**تەوەری پێنجەم: زانست و ئاوەدانکردنەوە**

کارەکانی ئەسکەندەر لە میسر تەنها لە چوارچێوەی سەربازی و کارگێڕی وئاینی دا سنووردار نەبوو، بەڵکو شۆڕشێکی هەمەلایەنەی لە بوارەکانی خزمەتگوزاری، زانست، و کۆمەڵایەتیدا بەرپا کرد. ئەم دەستوەردانانە ئامانجیان گۆڕینی میسر بوو لە جێگایەکی داخراوەوە بۆ ناوەندێکی کراوەی جیهانی.

یەکێک لە گرنگترین پرۆژە خزمەتگوزارییەکان، پاککردنەوە و فراوانکردنی کەناڵی (کانۆپیک) بوو، ئەم هەنگاوە ئەندازیارییە دوو ئامانجی دەپێکا، یەکەمیان دابینکردنی ئاوی شیرین بۆ شاری نوێی ئەسکەندەریە؛ دووەم، بەستنەوەی شارەکە بە دڵی ناوچە کشتوکاڵییەکانی میسرەوە بۆ ئاسانکاریی گواستنەوەی کاڵا (Fraser, 1972: 5–6) ئەمەش وایکرد گەنمی میسر ببێتە کاڵای ستراتیژیی ژمارە یەک لە دەریای ناوەڕاستدا (حسن، ٢٠٠٠: ٧٨). هەروەها گرنگییەکی تایبەتی بە لایەنی زانستی دا، لە ئامادەکاری بۆ هەڵمەتەکەی کۆمەڵێک زانا و ئەندازیاری (وەک کالیستینیس Callisthenes)ی لەگەڵ خۆی هێنابوو. لە بواری جوگرافیادا، تیمێکی تایبەتی ڕاسپارد بۆ پێوانەکردنی دوورییەکان و لێکۆڵینەوە لە سروشتی دێلتای نیل (Arrian, 1976: 3). لە بواری بایۆلۆجیشدا، فەرمانی دا بە کۆکردنەوەی نموونەی ئاژەڵە نامۆکانی میسر (وەک تیمساح وئەسپەئاوییەکان وباڵندەی پیرۆز(Ibis) ومەیمونەکان) لە باشوری میسر، هەروەها نموونەی ڕووەکی (پاپیرۆس Papyrus) بۆ ئەوەی بنێردرێنەوە بۆ یۆنان. ئەمە یەکەم هەنگاوی کردەیی بوو بۆ گواستنەوەی مەعریفەی زانستی لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا (French, 1994: 25).

لەگەڵ ئەوەی بونیادنانی کتێبخانەی مەزنی ئەسکەندەریە بە شێوەیەکی کرداری لە سەردەمی پەتلەمییەکاندا ئەنجام درا، بەڵام سەرچاوەی "دیدگا"کە دەگەڕێتەوە بۆ خودی ئەسکەندەر. دوای ئەوەی لە میزۆپۆتامیا ئاشنای کتێبخانە دێرینەکان بوو، خەونی بەوەوە دەبینی کە ناوەندێکی هاوشێوە لە شارە نوێیەکەیدا دروست بکات بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم زانیارییەکانی جیهان .وەها گریمانە دەکرێت کە کە هێنانی کتێبەکانی ئەرستۆ بۆ میسر، بەردی بناغەی ئەم پرۆژە ڕۆشنبیرییە بوو (Phillips, 2010: 2–3). هاوتەریب لەگەڵ ئەمە، دامەزراندنی (جیمناسیۆم Gymnasium[١٢]) لە شارەکاندا، هەنگاوێک بوو بۆ دروستکردنی نەوەیەکی نوێی ڕۆشنبیر کە هەڵگری بەها یۆنانییەکان بن(Mann, 2020: 65).

جگە لەمانەش ئەسکەندەر هەوڵیدا میسر بکاتە ناوەندێکی فرەکەلتوور بۆ ئەم مەبەستە، هانی تێکەڵاوبوونی خوێنی دەدا لە ڕێگەی هاوسەرگیریی سەربازەکان لەگەڵ ژنانی ناوچەکە. هەروەها، بەپێی گێڕانەوەی بەناوبانگترین مێژوونوسانی جو سەردەمی ڕۆمانی (جۆزێفۆس Josephus)(٣٧-١٠٠ز)، ئەسکەندەر بانگهێشتی جووەکانی کرد و مافی نیشتەجێبوونی لە گەڕەکی (دێلتا) پێ بەخشین، بەمەش ڕێگەی خۆشکرد بۆ دروستبوونی چینێکی بازرگان و پیشەوەر کە ڕۆڵیان هەبوو لە بووژاندنەوەی ئابووریی (Modrzejewski, 1995: 51).

کارێکی دیکەی ئەسکەندەر ڕێکخستنی فێستیڤاڵە وەرزشی و هونەرییەکان بوو (وەک یاریی ئۆڵیمپیی بچووککراوە) لە مەمفیس، ئەم چالاکییانە تەنها بۆ کات بەسەربردن نەبوون، بەڵکو بەشێک بوون لە ستراتیژیی ناساندنی کەلتووری هیللنستی بە میسرییەکان و دروستکردنی خاڵی هاوبەش (Mann, 2020: 61).

کەواتە ئەم تۆڕە فراوانە لە چاکسازی و پرۆژە، میسری گۆڕی بۆ "تاقیگەیەکی شارستانی" کە تێیدا زانست، ئابووری، و کەلتوور تێکەڵ بوون، و زەمینەی خۆشکرد بۆ دەرکەوتنی سەردەمی زێڕینی پەتلەمییەکان.

**دەرئەنجام**

لەئەنجامی شیکردنەوەی ئەم بابەتەبەچەند ئەنجامێک گەیشتین:

١-سەرکەوتنی ئەسکەندەر لە میسر تەنها دەرەنجامی باڵادەستیی سەربازی نەبوو، بەڵکو بەرهەمی خوێندنەوەیەکی وردی "سایکۆلۆژیای جەماوەر" بوو. ئەو توانی لە ڕێگەی ڕێزگرتن لە دابونەریتی ناوخۆیی و بەکارهێنانی ئەفسانەی (نەکتەتیبۆ)، وێنەی خۆی لە "داگیرکەرێکی بیانی"یەوە بگۆڕێت بۆ "میراتگرێکی شەرعی" و جێگرەوەی ستەمی فارسی.

٢-ئەسکەندەر مۆدێلێکی نوێی کارگێڕیی داهێنا لە ڕێگەی "جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان"؛ سپاردنی دەسەڵاتی مەدەنی بە میسرییەکان بۆ ئاشتیی کۆمەڵایەتی، و هێشتنەوەی دەسەڵاتی

سەربازی و دارایی کلیۆمێنیس لە دەستی مەکدۆنییەکاندا. ئەمەش زەمانەتی کرد کە میسر ببێتە بڕبڕەی پشتی دارایی سوپاکەی بەبێ ئەوەی مەترسیی کودەتای لێ بکرێت.

٣-دامەزراندنی شاری ئەسکەندەریە بڕیارێکی هەڕەمەکی نەبوو، بەڵکو هەنگاوێکی ستراتیژیی ورد بوو بۆ گواستنەوەی سەنتەری قورسایی میسر لە ناوخۆوە (مەمفیس) بۆ سەر دەریای ناوەڕاست. ئەم شارە وەک پردێکی تێکەڵ کاری دەکرد بۆ بەستنەوەی ئابووری و کەلتووری میسر بە جیهانی یۆنانییەوە.

٤-ئەسکەندەر تێگەیشتبوو کە کلیلی دەسەڵاتداری ڕۆژهەڵات "ئایین"ە. سەردانی پەرستگەی سیوا و وەرگرتنی نازناوی "کوڕی ئاموون"، لەگەڵ داهێنانی خوداوەندی تێکەڵە (سێراپیس)، ئامرازگەلێکی سیاسیی زیرەکانە بوون بۆ شەرعییەتدان بە دەسەڵاتەکەی لە سەرووی یاسا مرۆییەکانەوە.

٥-سیاسەتەکانی ئەسکەندەر لە "تێکەڵکردنی کەلتووری و بووژاندنەوەی زانستی و ئابووری، زەمینەی خۆش کرد بۆ ئەوەی دوای خۆی، پەتلەمییەکان بتوانن بۆ ماوەی سێ سەدە حوکمڕانیی میسر بکەن و بیکەنە ناوەندێکی شارستانیی جیهانی.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان


1. Arrian (1976). *Anabasis of Alexander. Translated by P. A. Brunt*. Cambridge, MA: Harvard University Press.
2. Bietak, M. (1996). Avaris: *The Capital of the Hyksos*. London: British Museum Press.
3. Bell, H. I. (1953). *Cults and Creeds in Graeco-Roman Egypt*. Liverpool: Liverpool University Press.


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

4. Berquist, J. L. (1995). "*The Shifting Frontier: The Achaemenid Empire's Treatment of Western Colonies*." Journal of World-Systems Research, 1(17), PP. 1-38.
5. Bloedow, E. F. (2004). "*Egypt in Alexander's Scheme of Things*." Quaderni Urbinati di Cultura Classica, 77(2), PP. 83–99.
6. Borza, E. N. (1977). "Alexander's Communications." *Ancient Macedonia*, 2, PP. 295–303.
7. Bosworth, A. B. (1988). *Conquest and Empire: The Reign of Alexander the Great. Cambridge*: Cambridge University Press.
8. Briant, P. (2002). *From Cyrus to Alexander: A History of the Persian Empire*. Winona Lake: Eisenbrauns.
9. Burns, A. (1976). " Hippodamus and the Planned City. " *Historia : Zeitschrift fur Alte Geschichte*, 25(4), PP.414-428.
10. Colburn, H. P. (2020). *Archaeology of Empire in Achaemenid Egypt*. Edinburgh: Edinburgh University Press.
11. Degen, J. and Rollinger, R. (2021). "*The 'End' of the Achaemenid-Persian Empire: Caesura and Transformation in Dialogue*." In: J. Degen and R. Rollinger (eds.), *The World of Alexander in Perspective*. Wiesbaden: Harrassowitz Verlag.
12. Empereur, J.-Y. (2002). Alexandria: Past, Present and Future. London: Thames & Hudson.
13. Fraser, P. M. (1972). *Ptolemaic Alexandria. Vol. 1. Oxford*: Clarendon Press.
14. French, R. (1994). Ancient Natural History: Histories of Nature. London: Routledge.
15. Green, P. (1991). *Alexander of Macedon, 356-323 B.C.: A Historical Biography*. Berkeley: University of California Press.
16. Griffith, G. T. (1964). "*Alexander the Great and an Experiment in Government*." Proceedings of the Cambridge Philological Society, 10, PP. 23–39.

17. Heath, T. L. (1921). *A History of Greek Mathematics*. 2 vols. Oxford: Clarendon Press.

18. Hogarth, D. G. (1915). "Alexander in Egypt and Some Consequences." *The Journal of Egyptian Archaeology*, 2(2), PP. 53–60.

19. Hölbl, G. (2001). *A History of the Ptolemaic Empire.* Translated by T. Saavedra. London: Routledge.

20. Kennell, N. M. (1995). *The Gymnasium of Virtue: Education and Culture in Ancient Sparta*. Chapel Hill: University of North Carolina Press.

21. Lloyd, A. B. (2000). "The Ptolemaic Period (332–30 BC)." In: I. Shaw (ed.), The Oxford History of Ancient Egypt. Oxford: Oxford University Press.

22. Mann, C. (2020). "*Alexander and athletics." In: K. Trampedach and A. Meeus (eds.), The Legitimation of Conquest*. Stuttgart: Franz Steiner Verlag.

23. Manning, J. G. (2003). Land and Power in Ptolemaic Egypt. Cambridge: Cambridge University Press.

24. Modrzejewski, J. M. (1995). *The Jews of Egypt*. Princeton: Princeton University Press.

25. Mørkholm, O. (1991). *Early Hellenistic Coinage from the Accession of Alexader to the Peace of Apamea (336-188 B.C.)*. Cambridge: Cambridge University Press.

26. Ogden, D. (2009). "*Alexander's Sex Life." In: Alexander the Great*: A New History. Malden: Wiley-Blackwell.

27. Phillips, H. (2010). "*The Great Library of Alexandria?*" Library Philosophy and Practice.

28. Plutarch (1919). Lives. Vol. 7: *Alexander*. Translated by B. Perrin. Cambridge, MA: Harvard University Press.

29. Price, M. J. (1991). *The Coinage in the Name of Alexander the Great*. Zürich: Swiss Numismatic Society.

30. Takacs, S. A. (1995). *Isis and Sarapis in the Roman World*. Leiden: Brill.

31. Toynbee, A. J. (1947). *A Study of History*. Abridged by D. C. Somervell. Vol. 1. Oxford: Oxford University Press.

32. Trampedach, K. (2020). "Staging Charisma: Alexander and Divination." In: *The Legitimation of Conquest*. Stuttgart: Franz Steiner Verlag.

33. Tritle, L. A. (2009). "*Alexander and the Greeks*." In: Alexander the Great: A New History. Malden: Wiley-Blackwell.

34. Vasunia, P. (2001). *The Gift of the Nile. Berkeley*: University of California Press.

35. Vos, R. L. (1993). *The Apis Embalming Ritual: P. Vindop.3873*. Leuven: Peeters.

**دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان**

١. أبو بكر، فادية محمد (١٩٨٨) .الإسكندر الأكبر في مصر .القاهرة: دار المعارف.

١ .السعدني، محمود إبراهيم (١٩٩٩) .*تاريخ مصر في العصرين البطلمي والروماني* .الإسكندرية: مكتبة بستان المعرفة.

٢ .العبادي، مصطفى (١٩٩٩) .*مصر من الإسكندر الأكبر إلى الفتح العربي* .القاهرة: دار الشروق.

٣ .نصحي، إبراهيم (١٩٦٠) .*تاريخ مصر في عصر البطالمة* .الجزء الأول. القاهرة: مكتبة الأنجلو المصرية.

٤ .حسن، سليم (٢٠٠٠) .*موسوعة مصر القديمة*: تاريخ مصر في عهد الإسكندر .الجزء ١٤. القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب.

٥ .نور الدين، عبد الحليم (٢٠٠٩) .*اللغة المصرية القديمة* .الطبعة ٨. القاهرة: دار المعرفة الجامعية.

٦ .كلاوس، مانفريد (٢٠٠٩) .الإسكندرية أعظم عواصم العالم القديم .ترجمة: أشرف نادي. القاهرة: المركز القومي للترجمة.

٧ .محمود، حسن أحمد (١٩٩٥) .*الديانة المصرية القديمة* .القاهرة: دار المعارف.

**سێیەم: سەرچاوە فارسییەکان**

١ .پیرنیا، حسن (١٣٧٥) .*ایران باستان* .جلد دوم. تهران: انتشارات دنیای کتاب.

٢ .زرین‌کوب، عبدالحسین (١٣٧٩) .*روزگاران: تاریخ ایران از آغاز تا سقوط سلطنت پهلوی* .تهران: انتشارات سخن.

**پەراوێزەکان**

١-پلانی هیپۆدامی(Hippodamian Plan)، دەگەڕێتەوە بۆ ناوی ئەندازیاری یۆنانی (هیپۆدامۆسی میلیتۆسHippodamus of Miletus) لەسەدەی ٥پ-ز داهێنراوە، مەبەست دروستکردنی پلانی شار و شەقامە بە شێوازێکی تۆری یان چوارگۆشەی ڕێک و یەکتر بڕ دەکیشرین، بروانە (Burns,1976:41).

٢-ئاپیس(Apis)، گاپیرۆزەکەی شاری مەمفیس، هێمای زیندوی خواوەند (پتاح)، میسرییەکان باوەڕیان وابوو دوای مردن روحی خواوەند دەچێتە جەستەی ئەم گایەوە، کوشتنی ئەم گایە لەلایەن فارسەکان بە گەورەترین سوکایەتی تەماشا دەکرا. :(Vos,1993:15).

٣-هیکسۆس (Hyksos)، مانای فەرمانڕەوایەتی وڵاتانی بیانی، کۆمەڵێک هۆزی سامی (ئاسیایی) بون لەماوەی ساڵانی (١٦٥٠-١٥٥٠پ-ز) ناوچەکانی باکوری میسریا داگیر کرد، بەکارهێنانی ئەسپ وگالیسکە لە میسر بۆیەکەمجار لەلایەن ئمانەوە بوو. :(Beitak,1996:55).

٤-پێوانەی ئەتیکی(Attic Standard)، سەرچاوەکەی شاری ئەسینا لە هەرێمی ئەتیکا، سیستەمی کێشانەی دراوی دراخما بووجێگیر کرا بەفەرمانی ئەسکەندەر بۆ ئەوەی بازرگانکان یەک جۆر کێشانە و دراو بەکار بهێنن.:( Mørkholm,1991,35)

٥-نیشانەی باڵندەکان(Omithomancy) ، کێشانی نەخشەی شاری ئەسکەندەرییە لەلایەن ئەندازیارەکان بە ئارد، لە ناکاو ژمارەیەکی زۆر باڵندە هاتن ئاردەکەیان خوارد، پێشبینی کارەکان بە نیشانەیەکی باشیان زانی بەوەی کە شوێنی شار دەبێتە سەرجاوەی خۆراک و ژیان. .(Plutach:1919,26):

٦-ستادیۆن(Stadion) ستادیۆن یەکەیەکی پێوانەی درێژی بوو لە یۆنانی کۆندا، بەڵام بەهای وردی یەکگرتوو نەبوو و لە نێوان ١٥٧ بۆ ١٨٥ مەتردا دەگۆڕا. :(Heath:1921,107)

٧ .ئاموون (Amun) گەورەترین خوداوەندی میسرییە کە پەرستگەکەی لە سیوا ناوبانگی جیهانی هەبوو. وەک پاشای خوداوەندەکان ناسرابوو و یۆنانییەکان بە(زیۆس Zeus) دەیانچوواند. وەرگرتنی نازناوی 'کوڕی ئاموون' لوتکەی شەرعییەتی سیاسیی ئەسکەندەر بوو. :(أبو بكر: ١٩٨٨، ٤٥).

٨- كارتوش(Cartuche) وشەیەکی فەرەنسییە بە واتای (فیشەک) دێت، لە زانستی میسرناسیدا بەو چوارچێوە هێلکەییە دەوترێت کە ناوی فیرعەونەکانی تێدا دەنووسرا. میسرییە کۆنەکان پێیان دەوت (شێن Shen) کە بە واتای "دەوەران" یان "هەتاهەتایی" دێت، وەک هێمایەک بۆ پاراستنی ناوی پاشا ونەمریی دەسەڵاتەکەی. ئەم شێوازە تەنها بۆ نووسینی ناوی پاشاکان وخوداوەندەکان بەکاردەهات. :(نور الدين: ٢٠٠٩،٦٥).

9- سێراپیس (Serapis) خوداوەندێکی "سینکریتی" (تێکەڵە) بووکە لە سەردەمی پەتڵەمییەکاندا پەرەی پێدرا. ناوەکەی لە لێکدانی دوو ناوی میسری (Osiris + Apis) ـەوە هاتووە کە دەبێتە(Osorapis) ، پاشان سیفەتە مرۆیی ودەسەڵاتەکانی(Zeus) ی یۆنانی بۆ زیادکرا. ئەم خوداوەندە هێمایەک بوو بۆ "فرەچەشنی لە یەکگرتوویدا" وپەرستگەکەی (Serapeum)لە ئەسکەندەریە بووە ناوەندێکی جیهانی. بڕوانە:(Bell:1953,19)

١٠-ئۆزیریس-ئاپیس(Osiris-Apis)، یەکگرتنی خواوەندی مردوان ئۆزیریس لەگەل ئاپیس گا پیرۆزەکەی دوای مردن، بە بڕوای میسرییەکان روحی ئاپیس دەبیتەئۆزیریس دوای مردن. (Hobl:2001,99):

١١-زیۆس-هادیس(Zeus-Hades)،زیۆس پاشای خواوەندەکان و هادیس فەرمانرەوای جیهانی ژێرەوە، لەسیراپیسدا کۆدەبویەوە، دەسەڵاتێکی رەهای پیدەبەخشی. :(Takacs:1995,33).

١٢-جیمناسیۆم (Gymnasium)، دامەزراوەی پەروەردەیی یۆنانی بوو بۆ پاراستنی یۆنانیەکان وجیاکردنەوەیان لە دانیشتوانی رەسەن، وە بۆ راهێنانی وەرزشی، بەلام دواتر لەسەردەمی هیللنستیناوەندی فیرکردنی ویژە وفەلسەفە و مۆسیقا بوو لە میسر. :(Kennel:1995,45)

## List of sources

First, the English sources

1. Arrian (1976). Anabasis of Alexander. Translated by P. A. Brunt. Cambridge, MA: Harvard University Press.

2. Bietak, M. (1996). Avaris: The Capital of the Hyksos. London: British Museum Press.

3. Bell, H. I. (1953). Cults and Creeds in Graeco-Roman Egypt. Liverpool: Liverpool University Press.

4. Berquist, J. L. (1995). "The Shifting Frontier: The Achaemenid Empire's Treatment of Western Colonies." Journal of World-Systems Research, 1(17), PP. 1-38.

5. Bloedow, E. F. (2004). "Egypt in Alexander's Scheme of Things." Quaderni Urbinati di Cultura Classica, 77(2), PP. 83–99.

6. Borza, E. N. (1977). "Alexander's Communications." Ancient Macedonia, 2, PP. 295–303.

7. Bosworth, A. B. (1988). Conquest and Empire: The Reign of Alexander the Great. Cambridge: Cambridge University Press.

8. Briant, P. (2002). From Cyrus to Alexander: A History of the Persian Empire. Winona Lake: Eisenbrauns.

9. Burns, A. (1976). " Hippodamus and the Planned City. " Historia : Zeitschrift fur Alte Geschichte, 25(4), PP.414-428.

10. Colburn, H. P. (2020). Archaeology of Empire in Achaemenid Egypt. Edinburgh: Edinburgh University Press.

11. Degen, J. and Rollinger, R. (2021). "The 'End' of the Achaemenid-Persian Empire: Caesura and Transformation in Dialogue." In: J. Degen and R. Rollinger (eds.), The World of Alexander in Perspective. Wiesbaden: Harrassowitz Verlag.

12. Empereur, J.-Y. (2002). Alexandria: Past, Present and Future. London: Thames & Hudson.

13. Fraser, P. M. (1972). Ptolemaic Alexandria. Vol. 1. Oxford: Clarendon Press.

14. French, R. (1994). Ancient Natural History: Histories of Nature. London: Routledge.

15. Green, P. (1991). Alexander of Macedon, 356-323 B.C.: A Historical Biography. Berkeley: University of California Press.

16. Griffith, G. T. (1964). "Alexander the Great and an Experiment in Government." Proceedings of the Cambridge Philological Society, 10, PP. 23–39.

17. Heath, T. L. (1921). A History of Greek Mathematics. 2 vols. Oxford: Clarendon Press.

18. Hogarth, D. G. (1915). "Alexander in Egypt and Some Consequences." The Journal of Egyptian Archaeology, 2(2), PP. 53–60.

19. Hölbl, G. (2001). A History of the Ptolemaic Empire. Translated by T. Saavedra. London: Routledge.

20. Kennell, N. M. (1995). The Gymnasium of Virtue: Education and Culture in Ancient Sparta. Chapel Hill: University of North Carolina Press.

21. Lloyd, A. B. (2000). "The Ptolemaic Period (332–30 BC)." In: I. Shaw (ed.), The Oxford History of Ancient Egypt. Oxford: Oxford University Press.

22. Mann, C. (2020). "Alexander and athletics." In: K. Trampedach and A. Meeus (eds.), The Legitimation of Conquest. Stuttgart: Franz Steiner Verlag.

23. Manning, J. G. (2003). Land and Power in Ptolemaic Egypt. Cambridge: Cambridge University Press.

24. Modrzejewski, J. M. (1995). The Jews of Egypt. Princeton: Princeton University Press.

25. Mørkholm, O. (1991). Early Hellenistic Coinage from the Accession of Alexader to the Peace of Apamea (336-188 B.C.). Cambridge: Cambridge University Press.

26. Ogden, D. (2009). "Alexander's Sex Life." In: Alexander the Great: A New History. Malden: Wiley-Blackwell.

27. Phillips, H. (2010). "The Great Library of Alexandria?" Library Philosophy and Practice.

28. Plutarch (1919). Lives. Vol. 7: Alexander. Translated by B. Perrin. Cambridge, MA: Harvard University Press.

29. Price, M. J. (1991). The Coinage in the Name of Alexander the Great. Zürich: Swiss Numismatic Society.

30. Takacs, S. A. (1995). Isis and Sarapis in the Roman World. Leiden: Brill.

31. Toynbee, A. J. (1947). A Study of History. Abridged by D. C. Somervell. Vol. 1. Oxford: Oxford University Press.

32. Trampedach, K. (2020). "Staging Charisma: Alexander and Divination." In: The Legitimation of Conquest. Stuttgart: Franz Steiner Verlag.

33. Tritle, L. A. (2009). "Alexander and the Greeks." In: Alexander the Great: A New History. Malden: Wiley-Blackwell.

34. Vasunia, P. (2001). The Gift of the Nile. Berkeley: University of California Press.

35. Vos, R. L. (1993). The Apis Embalming Ritual: P. Vindop.3873. Leuven: Peeters.

II: Arab Narrators

.1Abu Bakr, Fadia Muhammad (1988). Alexander the Great in Egypt. Cairo: Dar al-Maaref.

.1Al-Saadani, Mahmoud Ibrahim (1999). History of Egypt in the Ptolemaic and Roman Eras. Alexandria: Bustan al-Maarefa Library.

.2Al-Abadi, Mustafa (1999). Egypt from Alexander the Great to the Arab Conquest. Cairo: Dar al-Shorouk.

.3Nasri, Ibrahim (1960). History of Egypt in the Ptolemaic Era. Part One. Cairo: Anglo-Egyptian Library.

.4Hassan, Salim (2000). Encyclopedia of Ancient Egypt: History of Egypt in the Time of Alexander. Part 14. Cairo: Egyptian General Book Organization.

.5Nour El-Din, Abdel Halim (2009). The Ancient Egyptian Language. 8th Edition. Cairo: University Knowledge House.

.6Klaus, Manfred (2009). Alexandria: The Greatest Capital of the Ancient World. Translated by Ashraf Nadi. Cairo: National Center for Translation.

.7Mahmoud, Hassan Ahmed (1995). Ancient Egyptian religion. Cairo: Dar Al-Maaref.

Siam: Persian sirkha

.1Pernia, Hassan (1375). Iran Bastan. Dom whipping. Tehran: Insha'rat Doniay Kitab.

.2Zarinkob, Abdul Hussein (1379). Rozgaran: The history of Iran from the time of the fall of the Pahlavi Sultanate. Tehran: Sakhn Publications.

Perawizakan

-1Hippodamian Plan 5 - 5 (Burns,1976:41.(

-2Apis, the capybara of Memphis, Himai Zindavi Khwavand (Ptah), Miseriyyakan Bawarian and Abu Daway Mardan Rouhi Khwavand This is the language of the Persian language, and it used to have a high-quality music keyboard. :(15: (Vos, 1993

-3Hyksos (1650-1550 AH) Nawchikani Bakuri Misriya Daghir Kurd, Bakharhanani Ayssp and the people of Misriya, next to the Imani language Boo. :(Beitak,1996:55.(

-4Attic Standard, How to buy a digital pyramid, the system of writing about the electronic device in the German language Oh, Bazargankan, there are many things to do, and there are many things to know about them. Mørkholm,1991,35(:(

.5If there is anything wrong with this thing, this is a hidden entity, and my wife is in trouble. The heart of your heart, your heart and your soul. :(Plutach:1919,26.(

-6Stadion: A stadium with a phone number in Canada, with a pink background and a new color. 157 by 185 years. :(Heath:1921,107(

.7Amun (Amun) is the best way to use the keyboard to keep it safe. And there was a message to Zeus about this. Political legitimacy, Eskandar Bowe: (Abu Bakr: 1988, 45.(

-8Cartuche He wants to Pharaoh was the king of religion. The process of making this statement (Shen) is the meaning of the word "Directory" and the "Hatahitay" word, and this is the reason behind it. Pasha and Maryam, may God have mercy on him. Nour al-Din: 2009, 65.

-9Serapis “Syncrity” (Tikka) is used in this system. I want to do this, I want to do it (Osiris + Apis), and I want to do it for myself (Osiris + Apis). (Zeus) What's wrong with this thing? "And the text" (Serapeum) of the Islamic Revolution in the name of Jahani. In its name: (Bell: 1953, 19

-10Osiris-Apis My soul was lost to the Egyptian government in Douai Mardan. :(Hobl:2001,99

-11Zeus-Hades There is no data on your hand. :(Takacs:1995,33.(

-12Gymnasium Rossen, and the Rahnani and Persians, with the words of the authors of the Hellenistic narrative and the nature of the world and the philosophy and music of the facilitator. :(Kennel:1995,45